# خودای گەورە دەفەرموێت: من بەرهەڵستکاری سێ کەسم لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خودای گەورە دەفەرموێت: من بەرهەڵستکاری سێ کەسم لە ڕۆژی قیامەتدا: پیاوێک بە ناوی منەوە بەڵێن دەدات پاشان ناپاکی دەکات، و پیاوێک مرۆڤێکی ئازاد دەفرۆشێت و پارەکەی دەخوات، و پیاوێک کرێکارێک بە کرێ دەگرێت و کاری پێ دەکات؛ پاشان کرێیەکەی پێنادات».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵیداوە کە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- فەرموویەتی: سێ جۆر کەس هەن کە من دوژمن و بەرهەڵستکاریانم لە ڕۆژی دواییدا، و هەرکەسێک من بەرهەڵستکاری بم، ئەوا شکستی پێدەهێنم و سەردەکەوم بەسەریدا: یەکەم: ئەو کەسەی سوێندی بە خودا خواردووە، و پەیمانێکی داوە پاشان پەیمانەکەی شکاندووە و ناپاکی -خیانەتی- کردووە. دووەم: ئەو کەسەی پیاوێکی ئازادی فرۆشتووە بەوەی کە کۆیلەیە، پاشان نرخەکەی خواردووە و بە بەهاکەی مامەڵەی کردووە. سێیەم: ئەو کەسەی کرێکارێکی بە کرێ گرتووە بۆ ئیشێك، و کرێکارەکە ئیشەکەی بۆ تەواو کردووە؛ بەڵام خاوەن کارەکە کرێی ئیشەکەی پێنەداوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66163